ئامادەکردنی مامۆستایانی بابەت:

-1سازان جوهەر حمە غەریب. ماموستا لە بەشی کاررەبا.

-2سومەیە نەجیب خلیل . ماموستا لە بەشی کیمیا.

## زمان

زمان دیاریدەیەکە پێناسەکردنی هەروا کارێکی ئاسان نیە , چونکە لە زۆر ڕوانگەی

جۆر بە جۆرەوە سەیردەکرێت و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی لێی دەکۆڵتەوە ئەمە جگە لەوەی زمان خاوەن تایبەتمەندی و ئەرکی خۆی هەیە, بۆیە ئێمەش لێرەدا لەناو ئەو پێناسەیە زۆرانەی زماندا چەند دانەیەکیان لێ دەخەینە ڕوو:

-1 مارتنت دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن

-2چومسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات

-3ساپیر دەڵێت : زمان هۆیەکی نا غەریزەییە و تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت

-4کۆ زمانەوانەکان: زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیاییە کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەت بەکاردێت.

تایبەتییەکانی زمان :

-1 زمان سیستەم و پێرەوە:

ئەگەر زمان خاوەن پێرەوێکی تایبەتی نەبێت ، ئەوا کەس ناتوانێت فیری ببێت .زمان لەڕاستیدا لە دوو پێرەوی سەرەکی پێکدێت ، ئەویش پێرەوی دەنگ و پێرەوی واتایە،پەیرەوی دەنگی زمان ئەوەیە کە هەر زمانێك سوود لەکۆمەڵە دەنگێك وەردەگرێ و بەکاریان دێنێت ، واتە پێرەوی دەنگی زمان ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدات کە ژمارەیەکی کەمی دەنگ دووبارەو سێ بارە بکەینەوە لە ڕۆنانی جیاجیادا تاکو دانەی واتایی دروست بکەین ,پێرەوی واتایی زمانیش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە دەدات کە لە ژمارەیەکی زۆر وشە دووبارە ببنەوە تاوەکو مرۆڤ بتوانی بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادەو ئاڵۆز دەربڕێ .

-2 زمان دەنگە: لەناو هەر میللەتێك دا کۆمەڵێك دەنگ هەیە, ئەندامانی ئەو میللەتە فێری دەبن و گۆی دەکەنوقسەیپێدەکەن. لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کە زمان پێویستی بەقەناتی دەم و گوێ هەیە ، بەلایەنی کەمەوە دەبێت قسەکەرێك و گوێکریکمان هەبێت ( هەرچەندە هەردوو دەورەکە تاکە کەسێك دەتوانێ بەیەکەوە بیان بینێ وەك

کەسێك لەبەر خۆیەوە قسەبکات) و دوو کەسەکەش دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن بەواتای ئەوەی گوێگر ببێتە قسەکەرو بەپێچەوانەوە .

لەسەرێکی تریشەوە زمان دەنگە چونکە قسە لەنووسین لەپێشترە ، واتە لەبنەڕەتا درکاندن لەپێش نووسین بووە ، مرۆڤ هەمووی بەر لەنووسین فێری قسەکردن دەبێت نووسینش زمان نیە ، بەڵکو بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویوتی بۆ پاراستنی قسە .

- 3زمان هێمایە (ڕەمزە) : واتا دەنگەکانی زمان ڕەمزن , بە تەنها هیچ واتایەك نا بەخشن , بەڵام بەپێی یاسای قسەکەرانی هەر زمانێ ڕیزدەبن, بۆ ئەوەی وشە پێك بێت کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتن و واتاکانیان لێی هەڵهێنجاوە بەواتایەکی تردەنگەکانی زمان هێمان ، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دەنگانە شتێك دەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکەو ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لەخۆوەیە .

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر هێما (ڕەمز) لەئارادا هەیە :

-1ڕەمزی وێنەیی : کە تێدا پەیوەندی لێکچوون هەیە لەنێوان دەنگ و واتا، وەك:

(دەست بردن بۆ دەم) بۆ گەیاندنی برسییەتی .

(دەست ڕاوەشاندن) بۆ گەیاندنی هەڕەشە .

-2ڕەمزی هۆیی: وەك (زەرد هەڵگەڕان) لە نەخۆشی یان ترس .

(سووربوونەوە) لە تووڕەیی یان شەرم .

-3ڕەمزی لەخۆوە: کە تیایدا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دەنگ و واتادا نییە. واتە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵ دیاریکراوە وەك: (خۆر) بەواتای ئازادی و ڕووناکی و سەربەستی ،وشەکانی زمان وەك دار ، بەرد ، ئەسپ،...هتد .

-4زمان تایبەتە بەمرۆڤ :

هەر لەکۆنەوە باوەڕ وابوو کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیادەکاتەوە ، چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرەو توانای قسەکردنی تێدایە. بیگومان ئاژەڵ و گیاندارەکانی تریش جۆرە پەیرەویکیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن هەرچەندە زۆر سادەش بێت ، بەڵام ئەم پەیرەوە لەچالاکیدا زۆر لەزمان کەمترە و ڕێگەی گیانداران نادات لە ڕابردوو و دوارۆژ یان بکۆڵنەوەو درۆبکەن و یان شت لە زمانی تر وەربگرن . لەبەر ئەم هۆیانە پێرەوەکانیان ناچێتە ڕێزی زمان .

-5زمان داهێنانه : سروشتی بەکارهێنانی زمان ، بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە ، بەواتایەکی تر ئەوەی کە زۆرجاران مرۆڤ دەریدەبڕێت زۆربەیان دەربڕاوی تازەن ، هەروەك (چۆمسکی) دەڵێت : لەتوانای مرۆڤ دایە ژمارەیەکی بێ سنوور ڕستە داهێنێ بێ ئەوەی پێشتر گوێی لێبووبێت

**ئەرکەکانی زمان**

مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن کە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە ناو کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا , ئەو کارانەی کە مرۆڤیش بە هۆی زمانەوە ئەنجامی دەدات هێندە زۆرو وردن هەروا بە ئاسانی پۆلین ناکرێت و زمانەوانەکان بە گوێرەی توانا چەند ئەرکێکی گرنگیان بۆ زمان دیاریکردووە وەکو:

-1زانیاری و هەواڵ گەیاندن : ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی هەرە سەرەکی زمان دەژمێردرێ , چونکە مرۆڤ بەهۆیەوە لە دەوروبەری خۆی دیاردەکات و دەدوێت و دەیەوێت بوون و نەبوون و ڕاستی و ناڕاستی دیاردەکان پیشان بدات , کەواتە ئەم ئەرکە پەیوەندی بە زانین و هۆشی مرۆڤەوە هەیە, بۆیە بەکارهێنانی ئەم ئەرکە زۆر لە هەموو بوارەکانی ژیان و پەیوەندی کردن, وەکو

_ ئاو لە پلەی سفر دەبەستێت و لە پلەی سەدا دەکوڵێت

_بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە بێ ئاگان

-2پرسیارکردن: مەبەست لە پرسیارکردن دەستخستنی زانیاریە بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەتوانێت کەلێنێك یان چەند کەلێنێك لە زانیاری

خۆی بەرامبەر بە دیاریدەیەك پڕ بکاتەوە , وەکو

-- لە کوێ دەژی؟ -- ئەم کتێبەت بە چەند کڕی؟ -- کەی امتیحانە؟

-3هەست دەربڕین : هەست و ئارەزووی قسەکەر بەرامبەر بە دیاردەکانی دەوروبەر

دەردەخات , دەتوانین بڵێین هەموو جنێو و پیاهەڵدان و زەم کردن ..... هەمووی دەچێتە خانەی دەربڕینەوە ,

--ئۆخەی کارەکەم تەواو کرد

-4ئەرکی ورژاندن: کاتێك زمان بە ئەرکی ورژاندن بە کاردێت کە هەست و ئارەزوویەکی تایبەت لە گوێگر یان خوێنەر دروست بکات بە واتای ئەوەی گوێگر بوروژێت و دڵی خۆش بکات یان بە پێچەوانەوە دڵی ناخۆش بکات , ئەم بەکارهێنانەی زمان لە نوکتو گێڕانەوە و پڕوپاگەندەو تراجیدیادا زۆرتر دەردەکەوێت

-5فەرماندان: کاتێك قسەکەر بیەوێ کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ سادەترین فەرمانیشی لە شێوەی داخوازی دایە . وەکو :

--فەرموو دانیشە -- مەیە ژووریَ -- دەبێ منداڵ لەگەڵ خۆتان نەهێنن

-6ڕاپەڕاندن: لەو گوتنانە دەردەکەوێت کە خۆیان بریتین لە ڕاپەڕاندنی کارێك بە واتای ئەوەی لە جیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە ,

--سوێند دەخۆم ڕاست بڵێم, -- وا ئەو کۆبونەوەیە دوای پێ دەهێنم

دوو سیفەتیان هەیە ڕستەی ئەرکی ڕاپەڕاندن:

-1بە کەسی یەکەمی تاك (من) یان کۆ(ئێمە)یە.

-2لە شێوەی بەڵێن دان یا ناونان

-7ئەرکی جێ خۆشکردن: ئەم ئەرکە پێشی دەوترێ ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان و زیاتر لەو گوتنانە دەردەکەوێت کە ڕۆژانە بە کاردێت بەسەر زاری هەموو کەسێکەوەیە بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوەو بارو شوێن خۆشکردن و خۆ چەسپاندنە لەناو کۆمەڵگادا ,

وەك : ئەو وشانەی بۆ سڵاوکردن و خوا حافیزی و چاك و چۆنی بەکاردێت (باشی , چاکی , شەوباش, خوا حافیز , خوات لەگەڵ) ئەمانە هەرچەندە بە زۆری لە شێوەی چرسیاردان بەڵام بۆ پرسیار بەکارنایەت , بەڵکو قسەکەر بۆ ئەوە بەکاردێنێ خۆی لە گوێگر نزیك بکاتەوە و نیشانبدات کە گوێگر دەناسێ و هیچ ناخۆشیەك لە نێوانیان نیە .

تێڕوانینی ئاینی بۆ دروست بوون و دابەشبونی زمان:

ئاینە ئاسمانینەکان بە گشتی کاتێك لە بارەی پەیدابوونی زمان دەدوێن هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە زمان بە خشیشێکی خواییە و دوای ئەوەی خوای گەورە کە ئادەمی خوڵقاندووە زمانیشی پێ بەخشی و بێ زمان نەیهێشتەوە کە نەتوانێ قسە بکات و جەستەیەکی بێ هەست و هەستەوەربێ.

هەروەها ئاینە ئاسمانیەکان ڕەگ و ڕیشەی هەموو زمانێك بۆ یەك دەگەڕێننەوە , هەروەك لە تەورات هاتوە کە زمانەکان لە سەرەتا یەك زمان بوونە, لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامیشەوە بنچینەو سەرەتای هەموو زمانەکان بۆ ئادەم دەگەڕێتەوە , هەروەك لە قورئانی پیرۆز هاتووە ((وعلم أدم ألاسماْ کلها)) لێرە أسماْ بە ناوهێنانی شتەکان لە لایەن ئادەمەوە دێت, واتا ئادەم فێری هەموو ناوێك کراوە . ئەم تێڕوانینە جیا لەوەی زمان بە بەخشیشێکی خوای دانراوە و لە ڕێگەی ئادەمەوە بە مرۆڤ بەخشراوە , لە هەمان کاتدا هەموو زمانەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕەگ و ڕیشەیان بۆ ئادەم دەگەڕێتەوە , ئادەمیش هەموو ئەو ناوە پێویستیەکانی ئەو کاتە فێرکراوە لەگەڵ دەوروبەرەکەی زمانێکی سەرەتایی درووست بووە, دواتر ئەو زمانە سەرەتایەی مرۆڤ لە ڕێی چەند هۆکارێکی ( کۆمەڵایەتی , ئابووری , جوگرافی) دابەشی چەند زمانێ بووە کە لە ئەنجامدا ئەم هەموو زمانە جیاوازانە هاتوونەتە کایەوە ئەم دابەشبوونی زمانانەش لە قورئان بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت (و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ا ن أکرمکم عند الله أتقاکم)

کۆمەڵێك گریمانەو بۆ چوون لە بارەی پەیدابوونی زمانەوە هەیە, کە هەریەکە لەو گریمانانە نا توانێ بەڵگەو ڕاستی هەقیقەتی پەیدابوونی زمان بسەلمێنێ و کۆمەڵێ کەم و کورتی لە خۆ دەگرن لەوانە:

-1گریمانەی دەنگە سروشتییەکان :

ئەم گریمانەیە بۆ یەکەم جار لەسەدەی (4-5) پ.ز لەلایەن (دیمرکریتەس) و (ئەفلاتوون) ەوە خراوەتە بەرچاو.لەسەدەی (17-18) (لابینز) پشگیری لێکردووە.لەسەدەی (19) شدا (داروین ) و (وتنی) پەسندیان کردوە .

بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەلاسایی دەنگە سروشتییەکانەوە پەیدا بووە.گریمانەکە باوەڕی وایە کە دانە دەنگییەکان لاسایی ئەو دەنگانەن کە گیانلەبەری تر یان سروشت دەریان دەهێنێ ،واتە لاسایی دەنگی (ئاژەڵ ، ڕووبار ، بروسکە ،...هتد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم فۆرمانە لەهەموو زمانێکدا وەك یەك نین بۆیە ئەم بۆچوونە پشتگوێ خرا .

-2گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ :

ئەم گریمانەیە لەسەدەی (19) لەلایەن زانای ئەڵمانی (شتاینتاڵ) و دەستەیەك لە ڕووناك بیران خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەو دەنگە غەریزانەوە پەیدا بووە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار دەری بڕیووە وەك (ئاخ، ئۆف، ...هتد) و یەکەم گووتن لەشێوەی سەرسورمان بووە .

-3گریمانەی بزاوتن :

بەباوەڕی هەندێ لە زمانەوانی وەك (ڤۆنت،مار،پیاجیە) زمانی سەرەتا زمانی بزاوتن بووە کەتاکو ئێستاش لەگەڵ گوتن بەکاردێت وەك (سەرلەقاندن و لێوقوچاندن و چاوتروکاندن و ...هتد) .

کاتێك مرۆڤ تەکنیکی بەرەوپێشەوە چووە پێویستی بەبزاوتنی وورد بووە، جا لەبەر ئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریك بووە ناچار بووە بێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەو بزاوتنانە بگۆڕێتەوە بە بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو دەم و قورگەوە .

-4گریمانەی مۆسیقا :

ئەم گریمانەیە لە لایەن (یسپرسن) ەوە خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە ، سەرەتا گۆرانییەکی بێ وشە بووە. واتە هەر ئاواز بووە بەمەبەستی هەست دەربڕین بەکارهاتووە نەك بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتنی خەڵکی تر، دواتر بریتی بووە لە وشەی درێژی پڕ لەدەنگی قورس ، لەم قۆناغەیدا زمان بەئاوازەتر بووە لە زمانەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ .

-5گریمانەی پەیوەندی: بەپێی ئەم گریمانەیە کە لەلایەن (ڕێفیز) ەوە خراوەتە ڕوو ، زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزەیە دروست بووە کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندی کردن .

بەباوەڕی (ڕێفیز) زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەم گەشەیەی ئێستای ، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لەقۆناغی یەکەمی دا (قیژە) بووە و ئاراستەی دەورووبەر کراوە . لەقۆناغی دووەمدا (بانگ) بووە ئاراستەی دەورووبەر کراوە بەهیوای هێنانەدی ئاوات و ویستی قسەکەران بووە. لەقۆناغی سێیەمدا (وشە) بووە ، دەنگەکان وەك هێما بەکاردێن . هەروەها (ڕێفیز) باوەڕی وا بووە یەکەم گووتن لەشێوەی داوا یان فرمان بووە دواتر شێوەکانی تر وەکو هەواڵدان و پرسیار کردن هاتونەتە کایەوە .

**مێژووی زمانی کوردی و دیالێکتەکان**

بۆ زانینی مێژووی زمانی کوردی  کە دەگەڕێتەوە سەر چ  خێزانە زمانێك , دەبێ سەری دابەش کردنی خێزانە زمانەکان بکەین لە جیهاندا:

خێزانە زمانەکان لە جیهاندا

زماناسان زمانەکانی جیهانیان بەسەر چوار خێزانە زمان دابەشکردووە , بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ – ئەوروپی :

ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورە پێکدێت، کەلە ڕەگەزو بنچینەدا نزیکن لەیەکترەوە و ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا تا ئەوپەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەورۆپا. ئەم بەشە زمانانە دەگرێتەوە :

أ- کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی : بەهیندۆ – ئاری ناسراوە ، زمانەکانی میتانی و سانسکریتی و مادو ئەخمینی دەگرێتەوە ، کە ئەویش بەسەر دوو لق دابەشدەکرێت:

1- کۆمەڵی هیندی: لە زمانەکانی (هیندی ، هندۆ ،بنجانی ، کۆجراتی ، بەنگالی ،بەهاراتی ، ئاسامی) پێکدێت .

2-کۆمەڵی ئێرانی: لە زمانەکانی (فارسی کۆن ، فارسی نوێ ،کوردی ، ئەفغانی ، بەلوجی ،تاجیکی) پێکدێت.

ب- کۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت لە :

1-زمانە جەرمەنییەکان : ( ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، هۆڵەندی ، دانیمارکی ، زمانە ئەسکەندەنافییەکان) .

2-زمانە سلاڤییەکان :( ڕووسی ، پۆڵەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی ، یۆگسلاڤی) .

3-زمانی لاتینیەکان : (ئیتالی ، فەرەنسی ، ئیسپانی ، پورتوگالی ).

4-زمانی یۆنانی : ( ئەرمەنی ، ئەلبانی) .

5-زمانی کەلتی : (ئێرلەندی) .

دووەم: خێزانە زمانی سامی – حامی :

ئەم خێزانە زمانە لە نیشتیمانی عەرەب و باکووری ئەفریقیا و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتەکەی بەکاردەهێنرێت . ئەم کۆمەڵەیەش لە دوو بەش پێکدێت:

أ- خێزانە زمانی سامی : بریتییە لە :

.1زمانی سامی باکوور: زمانی ئەکەدی ، بابلی ، ئاشوری ، کەنعانی ، عیبری و فینقی. 2. زمانی سامی باشوور: زمانی عەرەبی ، یەمەنی کۆن ، زمانە حەبەشییە سامییەکان .

ب- خێزانە زمانی حامی : بریتییە لە :

.1زمانی میسرییەکان : میسری کۆن (زمانی قبتی).

.2زمانی لیبی یا بەربەری: زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفریقیا وەکو: لیبیا ، تونس ، جەزائر ، مەغریب دەگرێتەوە .

.3زمانە کۆشیتییەکان: زمانی دانیشتوانە بنەرەتییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە.

سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی – ئەلتیکی ( ئالتایی)

ئەم خێزانە بەو جۆرە زمانە دەگوترێت ، کە قسەپێکەرانی دەکەوێتە نێوان شاخەکانی ئۆراڵ و ئالتایەوە لە باکووری تورکستانەوە دەستپێدەکات .

ئەم خێزانە دوو کۆمەڵە دەگرێتەوە :

-1ئۆراڵی : فنلندی ، ئەستونی ، مەجەری دەگرێتەوە .

-2ئەلتیکی : تورکی ، مەگۆلی ، تەنوکوسی ، مەنانشۆ دەگرێتەوە.

چوارەم :خێزانە زمانی چینی – تبتی

ئەم خێزانە زمانە ، زمانەکانی (چینی ، تایلەندی ، بورمایی ، تیبتی) دەگرێتەوە .

بەم جۆرە دەبینین زمانی کوردی ، زمانێکی زیندوو و سەربەخۆی ئێرانییە ، زمانە ئیرانییەکانیش بەشێکە لە کۆمەڵەی هیندۆ ئەوروپی ، کە بە گەورەترین بنەماڵە دادەنرێت ، چونکە قسەپێکەرانی لە هەموو بنەماڵەکانی تر زۆرترە .

**دیالێکت و شێوە دیالێکتەکانی کوردی**

زمانی کوردی لە چوار دیالێکتی سەرەکی پێك دێت و هەر دیالێکتێك چەند شێوە زارو (شێوە دیالێکت)ێك لە خۆ دەگرێت و لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان خەڵکی قسەی پێ دەکەن , بەپێی دابەش کردنی نووسەرانیش دیالێکتەکانی کورد دابەشی سەر ئەم بەشانە دەبن:

| باکوور | ناوەڕاست | باشوور | گۆران |
| --- | --- | --- | --- |
| بایەزیدی | سۆرانی | مامە سانی | گۆرانی ڕەسەن |
| هەکاری | سلێمانی | لوڕی | باجەلانی |
| بۆتانی | گەرمیانی | لەکی | زازایی |
| شکاکی | موکریانی | کەلهوری | هەورامی |
| بادینی | ئەردەلانی | بەختیاری | |

ڕۆژئاوای

دیالێکت

بە پێی شوێنی جوگرافی زمان شێوەی جیاجیا وەردەگرێت بە واتایەکی تر لقی لێ جیا دەبێتەوە ئەو لق جیاجیایانە پێیان دەووترێ زار یان دیالێکت, کەواتە زمان نەبێت دیالێکت دروست نابێت ,واتا پەیوەندی نێوان زمان و دیالێکت پەیوەندیەکی تەواوکارییە.

هۆکاری پەیدابوونی دیالێکت لە ناو زمان

-1هۆکاری کۆمەڵایەتی: پەیوەندی بە عاداتو و تەقالید و نەریتی ناو کۆمەڵگا و دابەشبوونی چینەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە.

-2هۆکاری سیاسی: وەکو بونی حکومەتی ناوەندی و نەبوونی زمانی ستاندەر.

-3هۆکاری جوگرافی : سروشت و هەڵکەوتنی ناوچەکە

-4ڕادەی ڕۆشنبیری: واتە لایەنی دواکەوتنی کۆمەڵگە.

-5لایەنی ئابووری : چۆنیەك نەبوونی دابەشبونی ئابووری لە شوێنە جیاوەزەکانی وولات.

-6جیاوازی لایەنی دەنگ سازی: ناو ----------- ناڤ

7-لایەنی جیاوازی بایەلۆجی و فیزیکی دروست بوونی مرۆڤەکان.

**جیاوازی نێوان دیالێکت و زمان**

1-زمان گشتی یە و سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە , بەڵام زار تایبەتە و سنورێکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە

2-زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان هەموو زارەکانی ئەو زمانە هەن, بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست بووە.

3-زمان لەسەر بنەمای لە یەکتر گەیشتن واتا ئەگەر دوو دیالێکت لێك تێگەیشتن زمان درووست دەبێت , ئەگەر لێك تێنەگەیشتن زاری جیاواز دروست دەبیت.

زمانی ستاندارد

زمانی ستاندارد ئەو شێوەیە یە کەوا لە ئاکامی دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەوە دروست دەبێت چەند دەزگایەکی ئەکادیمی یان زمانەوانی یان لایەنێك دەیانەوێت شێوەیەکی ستاندارد دروست بکەن. بۆ ئەو مەبە ستە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەبژێرن و دواتر بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێدازمانێکی ستاندارد دەهێننە بەرهەم و دەبێت بە زمانی فەرمی، زمانی ستاندەریش زمانی خوێندن و نووسینە بڵام مەرج نییە کە زمانی دایك یان زمانی ئاخاوتن بێت، ئەو نەتەوەی کەوا ناسنامەی زمانەکەی لە هەڕەشەدا بێت تەنیا بە زمانی ستاندەر دەتوانێت بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات چونك زمانی پەروەردەو فێرکردن و زمانی فەرمی دامودەزگا حکومیەکانەو زمانی بونیاتنانی نەتەوەیە بۆنموونە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن و ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی خەریك بوول ە ناوبچن بەڵام بەهۆی زمانی خوێندن توانیان جارێکیتر ببنەوە بە دوو وڵاتی زلهێزی ئابووری خاوەن تەکنەلۆجیا هەروەها عەرەبەکانی جەزائر تونس و مەغریب بوجەیەکی گەورەیان داناوە بۆ لاوازکردنی زمانی فەرەنسی گەڕانەوەی زمانی عرەبی.

دروستکردنی زمانی ستاندەریش بەچەند ڕێگەیەك دەکرێت:

یەکەم: ڕێگەی کلاسیکی

1- زمانی کتێبی ئاسمانی

2- ئەزموونی سیاسی زارێك

3- دەسەڵاتی سیاسی وڵات

4- ئەکادیمیای زانستی زمان

5- دەسەڵاتی ڕۆشنبیری وڵات

دووەم: ڕێگەی پلانی زمان

1- هەڵبژاردنی زارێك یان بن زارێك

2- به سیستەمکردن

3- بە هەمەلایەنکردن

4- جێبەجێکردن ٥- قبوڵکردنی جەماوەر